شیعر




چنوور نامیق

# خەون ئەمبینێ



له نامۆیی خۆمدا غەرقم
به بەرچاوی شەوه چاوکاڵەکانی مانگەوه
خەون ئەمبینێ
سروشت پرچم شانه ئەکا و
سەلارانه بەگوڵ ئەڵێ
ئاخری خێر
هێند سەرەڕۆم، هیچ داڵدەیەک
پیته وەریوەکانی من و باخ ناگرێته خۆ
به بەرچاوی کازیوەوه
تێکەڵاوی درەخت ئەبم
من به ئاونگ لێو تەڕ ئەکەم
گوڵیش بەنمه فرمێسکم
ئیزنی تینووبوونی ئەدا
خەونێکت پێوه ئەبینم

بمباتەوە بۆ ناو چامەکانی غەزەل
بۆ ناو ساتە بۆنخۆشەکانی جودایی
بۆلای ترسە نارەواکانی منالّی
بۆ ژوانەکانی گەورەبوون
بۆ ئەولای خورپەکانی تۆ.....
لە تەنیایی خۆم شەلاّلّم
پڕم لە فرمێسکی شەونم
لەخەونمدا، تازە بوکێکی بێ شارم
لە وڕێنەی پیاوە سەگدلّەکان هەلّدێم
بەرەو دەریاکان مل ئەنێم
نابەلّەدم، ڕێ دەرناکەم
جەستەم یەک پارچە گەلاّیە و
چاوەکانم تۆ و هەر چوار وەرزی
تێدایە
دلّۆپەیەکی پڕ خەتام
بەچاوی شەوەوە جێمام
نە ئەتوانم بەربمەوە
نە ئەتوانم خۆم رابگرم!
خەونێکت پێوە ئەبینم
فێرم کا چۆن
بەخەبەر بێم
فێرم بکا چۆن شاری خەونەکان
جێ بێلّم
باخچەکان بەخەبەر بێنێ
خەون ئەمبینێ



وەکو ئەو ماچەی بێ حەزەر
تۆ لێت بردم
هێندە یاخیم
نەزەر لە شنەبا ئەکەم
حەزەر لە سەمای با ناکەم
لەگەڵ ئەودا
ئەکەم ئۆغر
هێند لاسارم
خەون ئەمبینێ
تازە بوکێکی نەفامم
لە شاری خەونەکانەوە دێم
لە جێی هەنگاو
گوڵم لێ بەجێ ئەمێنێ
دەستم مەرکانەی گوڵانە و
چاوەکانم
پڕن لە گوناهی نەزەر
تۆش لەکردنەوەی نمە ماچ
حەزەر ناکەی
هەر بەبەرچاوی خۆرەوە
لە خەونی باراندا ڕژام
سەفەرە و تاسەی مەنزڵ ئەکەم
حەشرە و بەرپێم باخی دوورە
خەون ئەمبینێ
سروشت بە ئارامی ئەڵێ
ئاخری خێر



**هێند وەڕسم، حەزەر ناکەم**

**ئەڕۆم ئۆغر**

**نەزەر لە شنە با ئەکەم**

**لەگەڵ ئەودا ئەڕۆم ئۆغر**

**بەرپێم عومرێک باخی دوورە و**

**ناگەمە جێ**

**دەبێ ئەمجارەیان**

**لەکوێ**

**خەون بمبینێت و**

**بمبینێ؟**

٢٠٠٩/١٠/٥

تێبینی:

لە ژێر تەقسی دێرێکی شاعیری گەورە عەبدوڵا گۆران ئەم دەقە هاتە بوون.

